# چەمکە نوێکانی زانستی سیاسەت

## کتاب: بنیادهای علم سیاسەت

نووسەر: عبدولرەحمان عالم
وەرگێڕ: ئەمیری حاجی موحەمەد

### بەشی یازدەیەم و کۆتایی

**٩ ـ جموجۆڵی کۆمەڵایەتی**

جموجـوڵی کۆمەڵایـەتی ڕێبازێکـە لەنوێ سازی کە بەهۆیـەوە بـەها کۆنـە کۆمەڵایـەتی، ئـابوری، سیاسـیو کەلتوری، کـردەوە گونجاوی، ئاکـاری، دابو نـەریتی، پێداویسـتیو نموونـە ڕەفتاریـەکان ئەسـوێ یـان دەروخـێو نموونە تازەکانی کۆمەڵگە قبوڵ کـردنو ڕەفتـار دەخرێتـە بەردەسـتی خـەڵك. جموجۆڵی کۆمەڵایەتی گۆڕانکاریگـەلێك لەشـوێنی نیشـتەجێ بـوون، پیشـە، شـوێنو مەوقعیـەتی کۆمەڵایـەتی، دەوروبـەری کـار، ڕۆڵـەکان، ئەزموونەکان، چاوەڕوانیەکان، شێوەی کارکردن، هەروەها یادگاریەکانی مـرۆڤ، دابو نەریتەکان، پێداویستیەکان لەوانە پێویسـتی بـە نموونـە نوێکـانو وا بەسـتەیی گروپـیو بۆچـوونە نوێکـان سەبارەت بە پێناسە تاکیو کەسێتی بە خۆیەوە دەگرێ. بۆ نموونـە، لەهەنـدێ لەکۆمەڵگەکانـدا، لـەناو چـوونی هەنـدێ پـیرۆزیو پەرسـتن، پەیـدابوونی مامەڵەگەریـە تازەکـان، شـارەکانو هۆکارەکـانی بـارکردنو گوێزانـەوە، جموجـۆڵی تـازەی فیزیـاییو ئـابوری، چاکسـازی ڕەوشـتە ناوچـەییەکانی، کۆکردنـەوەی بەرهـەمو ڕەوشـتی زەمینـداری، چاکسـازی ڕەوشـتی ئاژەڵـدرایو لەوەڕگـەداری، چاکسـازی پارەو دارایی، گرنگی ئافرەتان لـەژیانی بازرگانی، پەیدابوونی ئەنجومـەکان بە شـێوەی تـازە وەك کۆمپانیـا هەرەوەرزییـەکان بـە نیشـانەکانی جۆموجۆڵی کۆمەڵایەتی دەزانرێ. لەبەر ئەمـە ڕەوتـی جموجـۆڵی کۆمەڵایـەتی دەبێتە دوو قۆناغەوە:

١ ـ قۆنـاغی دابـڕین لـەبن یـان دوورکەوتنـەوە ڕەسـمو ڕەوشـتەکان، دابو نەریتەکان، پەیمانە کۆنەکان.

٢ ـ قۆنـاغی وەرگرتنـی کەسـانی گۆڕاو لەسەر بنەمای نموونـە تازەکـانی تارادەیەك جێگیربووە وەك ئەندامیەتی لەگروپەکان، ڕێکخراوەکان، بەهایی یان پەیمانیـەتی. بـۆ نموونـە، لـەقۆناغی یەکـەمی (ئیسـتیعمار) لەئـەفریقا، داگیرکـەران پێویسـتیان بـە دەسکاری خـۆجێی هـەبوو کـە لـەکۆمپانیا ئیستعماریەکاندا کار بکـەن، بـەڵام ئـەم هـەر ئـەم کۆمپانیایانـەبوون کـە لەگـەڵ پێویستیەکانو دابو نەریتـە کۆنـەکانی ئەو کیشوەرە ڕێك نەهاتن.

بۆیە ئەفریقاییەکان خوازیارانـە نـە کەوتنـە ژێـر دەسـتی ڕژێمـە ئیسـتیعماریەوە. داگیرکـەران دەبووایـە ڕژێمە ئەفریقاییەکانی پـێش داگیرکـردن بە زۆر لە ڕێ لابرایە تا خەڵکەکـەی بـێ ریشەو ڕەوتکەنو بیانخەنە بەردەستی سیسـتەمی کـاری ئیسـتعماریەوە. ئەوانەی کـاری زۆرەملـێ، پـارەی بـاوی ئیسـتیعماری، بـاجو خـەراجی نـوێو هەقدەسـتی نزمیـان بەسـەر خەڵکـدا سەپاند. بۆ دانی باجو خەراج، دەبووایە ئەفریقاییـەکان پـارەی بـاوی ئیسـتیعماری بـە چـنگ بێـننو ئـەم کارەش تـەنیا لـەڕێگای خـەڵاس بـوون لـەئابوری کـۆنو چـوونە نێـو ئـابوری ئیستیعمارییەوە جێبەجێ دەکرا.

بە قـاقزانجی چینی فەرمانڕەوایـە کـە ڕەوتـی جموجـۆڵی کۆمەڵایـەتی بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، تـاوەکو دڵنیـابن کـە لەمپـەڕێك لەبەردەمـدا نـامێنێ بـۆ دەستگەیشـتن بـە بەرژەوەندیە جۆراوجۆرەکانیان، لەگەڵ سەرچاوە مرۆڤیـەکانیش بـۆ جێبـەجێ کردنـی بەرنامـەکانیان. بـۆ وەهـا دەسـەڵاتی پێویسـتیەکی زیـاد هەیـە، چونکە جموجـۆڵی کۆمەڵایـەتی دەبێتـە هۆی زیادبوونی توێژگەلێك کـە لەلایـەن سیاسـیەوە هاوپشـتی کۆمـەڵی لێ دەکەوێتـەوە. ڕەوتـی سیاسـی جموجـۆڵی کۆمەڵایـەتی زیـادبوونی شارنشینی، مووچـە خـۆران، بیسـەرانی رادیـۆو پەرەسـەندنی خوێنـدەواری لەشارو لادێوە دەگرێتـەوە. زۆربـوونی ژمارەی ئـەم کەسانە گوشـارگەلێك بـۆ گۆڕینی شێوازو دامـەزراوە سیاسـیەکان دروست دەکـاتو سـەرەنجام لەوانەیـە شـۆڕشو توونـدوتیـژی لەبەرانبـەری سـەرانی چـینی فـەرمانڕەوای لـێ بکەوێتەوە.

جموجـۆڵی کۆمەلایـەتی پێداویسـتیەکانی مـرۆڤ کـە هێـرش دەبەنە سەر ڕژێمی سیاسی ئـەو ڕژێمـە دەگۆڕن. دەمێکـە خـەڵك لەگۆشـەگیری جەستەییو هـزری شـوێنە پێشـینەکەی خۆیان، لەخوو دابو نەریتـە کۆنـەکان، نموونـە دێرینـەکانی کـارکردنو شـوێنی نیشـتەجێ بـوون ریشـەبڕبوون، هەست بـە گۆڕانکاریـەکی گـەورە لەپێداویسـتیەکانی خۆیانـدا دەکـەن. ئـەمجا لەوانـە بـەکارو خـانوو، بیمـەی کۆمەڵایەتی لەبەرانبەری نەخۆشیەکانو بۆ ساڵانی پـیری، تەندروسـتی گشـتیو پاکوخـاوێنی ژینگـەو شـوێنی کـار، پێشـهاتەکانو بەرکەوتنـەکانی کـاتی کـارکردن بـە دەزگـا نەناسـراوەکان هەست بە پێداویستی بکـەن. لەوانەیـە بۆ ڕۆژانی بێکـاری بـە یارمـەتی مـادیو لەبەرانبـەری بەرزبوونـەوەی کرێـی خانوو، بەهرەکانی وامیو بانکیو نرخی کاڵا سەرەکیەکان پێویسـتە هەسـت بـە پشتگیری بکرێت. خواستو حـەزەکانی ئەوانە بۆ پەروەردەو فێرکردنی خۆیان منداڵـەکانیان زۆرتـر بێـتو گرنگـی پێبـدەن. دەسـتەبەرکردنی ئـەم پێداویسـتیانە بەنـدە بـە کـارکردنی حکومەتەوە. ئەگەر حکومـەت نـەتوانێ تـا رادەیـەکی مـەعقول ڕێـژەی توونـدو بەپـەلـەی ئـەم گۆڕانکاریانـە کـۆنترۆڵ بکـات، چـالاکیەکانی دادەمرکێتـەوەو دەسەڵاتی چینی فەرمانڕەوا دەکەوێتـە مەترسییەوە.

بـە بۆچـوونی خـەڵکی بـێ ریشـەورەتەوەو بـێ نـەواو هـەژارو بـێ لایـەن کـە لـەجموجۆڵی کۆمەڵایەتیـدا دێتەکایـەوە بـەبێ دودڵـی راسـتو دروست نییە کـە ((باشـترین حکومـەت ئەوەیـە کـە کـەمتر حکومـەت بکـات)). پێویستی زۆر بەخزمـەتگوزاری گشـتی، لەسـەر چـالاکی بـەرفراوانی حکومـەت گوشاری بـەردەوامی هەیـە، بـەڵام ئـەم جـۆرە بـەرفراوان بوونـەی کـارە حکومەتیـەکان پێویسـتی جیـدی بـە توانـاو ئیمکانیـەتی حکومەتیـە. پێویسـتی بـە زیـادکردنی ژمـارەو پـەروەردەکردنی کارمەنـدان، لێپرسـراوانو دامـەزراوە گشـتیەکانو چاکسازی زۆر لەڕێکخراوەکانو لێهاتوو و کارزانی بەڕێوەبەراتیە. لـەم ڕووەوە، ڕەوتـی بەپەلـەو خێـرای جموجـۆڵی کۆمەلایـەتی گوشـارگەلێك فـراوان بـۆ ئەنجامدانی چاکسازی سیاسیو ئیداری دروست دەکات. ئەم جۆرە چاکسازیانە ڕەنگـە چـەندیەتی بروکراسـیو چـاککردنی چـۆنیەتی بـوارو ڕێبـازی خزمەتگوزاریە کۆمەلایەتیە شایستەکان بێت. لەمـەڕ دێڕی تـازەوە بنووسرێت لەوانەیە بەهۆی پێکهاتەی ناهاوهـەنگی جموجـۆڵی کۆمەلایـەتی لەناوچـە جیاوازەکـانی وڵات، تەنانـەت کـاودان ئـاڵۆزتر دەبێـت. ڕەنگـە پەیوەنـدی ڕەگـەزەکان لەئـەنجامی ناهاوئاهـەنگی جموجۆڵی کۆمەلایـەتی کـە لـەڕابردوودا بنجـی کوتـاوەو هـەروەها لـەنێو گروپـە ڕەگەزیەکانی وڵاتدا ماوەتەوە، تووشی تـەوەرەو گـەزەن رووبەڕووبێتـەوە. پەیوەنـدی ئـەم ڕەگەزانـە لەتـەك ئیستیعمار لەو ولاتانـەی کـە پێشـینەی ئیسـتیعماریان هەیـە دەبێتـە هـۆی حەزکردنیان بە قبوڵ کردنی بـەهاکان و شێوەی ژیـانی ئیسـتیعماری، شـوێنی ناوچـەیی باشـی ئەوانـە لەبەرنامـەکانی کۆمەلایەتیـە ـ ئـابوری ئیسـتعماری و ئیستعماری نـوێ دا، بونـە هـۆی ئـەو تاهەندی لـەو گروپـە نژادیانـەی هەنـدێ لەبەشـەکانی وڵات گـەر بـەراود بکرێـت لەگـەڵ بەشـەکانی تـردا جموجـۆڵی کۆمەڵایەتی پێشتری بەخۆیەوە بینیوە. لەم کاودانەدا لە سیستەمی ئیستعماری و نـوێ ئیسـتعماری، دەرفەتگـەلێکی شیاوی خستە بەردەستو کاریگەریشی لەسەر پەیوەندی نێوان ئـەم بەشـانەدا هـەبووە. لـەوەها بارودۆخێکـدا دەبـێ حکومـەت دەسـتێوەردات، دەبـێ بـێ لەنگـەری و ناهاوسـەنگی لەناوبـدات و گرژی و ئاڵۆزی بن بڕبکات.

جموجـۆڵی کۆمەڵایـەتی دەبێتـە هـۆی تۆکمـە بـوونی هەرچـی زیـاتری بەشداری کردنی سیاسی. ئەم بەشداری کردنی سیاسیە لە دەست بـەکارکردنی جدی حکومەت بۆ چارەسـەر کـردن و لابردنـی دژواریـەکانی ژیـانی کەسـانێ بەدەسـت دێـت کـە ریشـەکەن بـوە ولەلایەن کۆمەڵایەتیـەوە جوڵاون. ئـەم بەشـداری کردنـی سیاسـیە ڕەنگـە بـە شـێوەی خۆپیشـاندان و شۆڕشـەکان، کۆبونـەوەو ڕێپێوانـەکان، مـانگرتن و پێکدادانەکان دەرکەوێت، یان لە رادەی سنوردارترێ خەڵك وەك وەرگرانی زۆری پەیوەندیەکانی میدیا ووێنەییـەکان یـان ئیلکترۆنییـەکان لـەو جـۆرە چـالاکیانە بەشـداری بکـەن. تەنانـەت هەنـدێ لـەو ڕێکخراوانەی کـەوەها دێتـە بەرچـاو کـە دوربـن لـە جموجـۆڵی کۆمەڵایـەتیو بەئاشـکرایی ناسیاسـین، مانـەن ئەنجومەنـەکانی پارێزگـاری کردنـی ژینگـە، یەکێتییـە نەتەوەییـەکان، ڕێکخـراوە توێژینەوەییـەکان، یانـە مۆسیقاییەکان، پێشەنگی و ئەنجومەنە کشتوکاڵیو بازرگانیەکان، ڕەنگە حـەز لەبەدەستهێنانی قازانجو ڕۆڵـی سیاسـی نافەرمی بکەن و ئەرکی سیاسی گرنگی ئامادەکردنی زەمینـەو سیاسـی کردنـی خـەڵك، جـارو بـار بەشـێوەی خـەبات کردن دژی چینی فـەرمانڕەوا دەخرێتـە بواری جێبەجێ کردنەوە.

ئەگـەر حکومـەتێ نـەتوانێ لـە جێبەجێ کردنی ئەرکی قورسی ڕەوتـی جموجۆڵی کۆمەڵایەتیدا سەرکەوتوبێت، پێدەچـێ زۆربـەی زۆری لـە خـەڵك لـە حکومەت بتەواسێنەوە، لێی بێگانەبن و تەنانـەت سـەرەرای بـوونی یەکسـانی زمـان و کـەلتوری فـەرمانڕەوایان و فەرمانبـەران وهاوئاهـەنگی دامـەزراوە بنەرەتیەکانیش لێی ڕوو وەرچەرخێنن.

بۆیـە تواناکـانی حکومـەت پایـەو بنـەرەتی قبـوڵ کردنیـەتی لای خەڵکـەوەو ئەمـەش لەسـەردەمی جموجـۆڵی کۆمەڵایەتیـدا دروسـت دەبێت. گـەر دەرکـەوێ کـە حکومـەت لاوازە یـان لـە دەسـتەبەرکردنی پێداویستیەکانی خـەڵك خـەم سـاردە، هەنـدێ لـە هاوڵاتیـان ڕەوایـی ئـەو حکومەتـە قبـوڵ ناکـەن و لـەم جـۆرە بارودۆخەدا ڕژێمگەلێکی تر سـەرئەنجام جێگەی ئەو دەگرێتەوەو بەلای کەمەوە قـەول دەدات کـە پێداویسـتی و چـاوەنواریەکانی خـەڵك دەسـتە بـەر بکات.

**تەواوبوو**



شیعری ئالان گینسبێرگ    لەئینگلیزیەوە: سەردار عەزیز

ئەمریکا هەرچیم هەبوو پێم بەخشیت ئێستا
خۆم هیچم نییە
ئەمریکا دوو دۆلارو بیستو حەوت سەنت ١٧ی
کانوونی دووەمی ١٩٥٦ ★
رقم لەئاوەزی خۆمە
ئەمریکا کەی ئێمە شەڕی مرۆڤ کۆتایی پێ
دێنین؟
بڕۆ خۆت بگێ بە چەکە ئەتۆمیەکانتەوە
خۆم بێتاقەتم توخوا تۆش بێزارم مەکە
گەر میزاجم نەبێ شیعر نانووسم
ئەمریکا کەی ئەبیتە فریشتە؟
کەی جلەکانت دائەکەنی؟
کەی لەڕێی گۆڕێکەوە تەماشای خۆت ئەکەیت؟
کەی ئەبیتە ئەو جێگایەی شایستەی ئەو
ملیۆن
ترۆتسکیەت بی؟
ئەمریکا بۆچی کتێبخانەکانت پڕن
لەفرمێسك؟
ئەمریکا کەی هێلکەکانت ئەنێری بۆ هیند؟
من بێزاربووم لەداوا شێتانەکانت.
کەی ئەتوانم بڕۆم بۆ سوپەرمارکێت، هەموو
ئەو
شتانە بکڕم کە ئەمەوێ بەرواڵەتە
جوانەکەمەوە؟
ئەمریکا پاش ئەمە هەموو منو تۆین کە
کامڵین نەك دونیای داهاتوو.
ئامێزەکانت لەسەرووی توانای منەوەیە
وام لێنەکەی ببم بە کەسێ ئایینی
دەبێ ڕێگایەتر هەبێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم
ئارگومێنتە
بۆرو لەتانجەریە باوەڕناکەم بێتەوە نیاز پیسە
ئایا تۆ نیازپیسی یان ئەمە جۆرێکە لەنوکتەیە
بێ تام؟
من ئەمەوێ ئەم خاڵە ڕوونکەمەوە
من ڕازی نابم دەست لەخولیاکانم هەڵگرم
ئەمریکا فشار مەخەرە سەرم خۆم ئەزانم چی
ئەکەم
ئەمریکا گوڵی دارەکان ئەوەرێن
بۆ چەند مانگێك ئەبێت ڕۆژنامەم
نەخوێندوەتەوە، هەموو ڕۆژێ کەسێ ئەبەن
بۆ دادگا
بەتاوانی کوشتن

ئەمریکا من هەست بەشانازی ئەکەم دەربارەی
ووبلیەکان!
ئەمریکا کە منال بووم کۆمۆنیست بووم، پەشیمان
نیم
هەرکاتێ بۆم ڕێك کەوێت حەشیشە ئەکێشم.
هەندێ جار بۆ چەندین ڕۆژ لەماڵەکەما
دائەنیشم لەگوڵەباخەکان ئەنوارم لەدۆڵابەکەما
کە نەڕۆم بۆ چایناتاون (شاری چینیەکان)
سەرخۆش ئەبم بەبێ ئەوەی نەخۆشکەوم
لێم ڕوونە کە دەردەسەری بەڕێوەیە
ئەبوایە بتبینیامایە کە مارکسم ئەخوێندەوە
دکتۆرە دەروونناسەکەم بڕوای وایە کە من
کەسێکی ساغو سەلیمم
وێردەکانی خوا ناخوێنم
تێڕوانینێکی سیحریانەو هەستێکی گەردوونیم
هەیە
ئەمریکا هێشتا پێم نەووتویت کە چیتکرد
لەمامە سام کاتێ لەڕووسیاوە هات بۆ ئێرە
من ڕووی دەمم کردوەتە تۆ تۆ چۆن ڕێ ئەدەی
گۆڤاری تایم دەست بەسەر هەستتابگرێ؟
هەموو هەفتەیە ئەیخوێنمەوە.
بەرگەکەی چاوم تێئەبڕێ هەر کە بەبەردەم
دوکانی شیرینی فرۆشەکەی سوچەکەدا تێئەپەڕم.
لەژێرخانی کتێبخانەی گشتی بێرکلی
ئەخوێنمەوە
هەردەم دەربارەی بەرپرسیارێتی شتم پێئەڵێت.
پیاوانی بیزنێس جدین.
فلیمسازەکان جدین. هەموو کەسێ جدیە جگە
لەمن.
واش ڕێئەکەوێ کە من ئەمریکابم.
وا دیسانەوە من خۆم ئەدوێنم... ئاسیا دژ بەمن

رائەپەرێ
من بەختی کەسێکی چینیم نییە
واباشە بیرێك لەداهتە نەتەوەییەکان بکەمەوە
داهاتی نەتەوەییم لەدوو لەفە حەشیشەو
ملیۆنەها نەوەو ئەدەبێکی تایبەت ـ ی بۆ چاپ
نەشیاوو
کە خێرایی ١٤٠٠ میل لەسەعاتێکا ئەڕواو
هەروەها بیستو پێنج هەزار شێتخانە
دەربارەی بەندیخانەکانم هیچ ناڵێم نە
دەربارەی هەژارەکانم کە لەبەرمیلا ئەژین
لەژێر ڕووناکی پێنج سەد خۆرا
ماڵە سۆزانییە فەرەنسیەکەم یاساغکردو
تانجەریس بەڕێوەیە
هەرچەندە لەڕاستیا من کاتۆلیکم ئارەزووم
ئەوەیە ببمە سەرۆك★★
ئەمریکا من چۆن وێردە پیرۆزەکانم بنووسم
بەم ئارەزووە بێمانایانەی تۆوە؟
وەك هینری فۆرد ٢ بەردەوام ئەبم دێڕی
شیعرەکانم وەك ئۆتۆمبیلەکانی تاکن
هەرچەندە هەریەکەو لەڕەگەزێ جیایە
ئەمریکا چامەت پێ ئەفرۆشم بە ٢٥٠٠$
هەرچامەیە ٥٠٠$ هەرزانتر لەچامە کۆنەکان
ئەمریکا (تۆم موونی) ئازادکە
ئەمریکا (دۆستانی ئیسپانیا) بپارێزە
ئەمریکا (ساکۆو ڤانزیتی) نابێ بمرن٣
ئەمریکا من کورانی (سکۆتسبۆرۆم)٤
ئەمریکا کە حەوت ساڵان بووم، دایکم بردمی
بۆ کۆبوونەوەیەکی کۆمۆنیستەکان
نرخی بلیتەکان تەنها نیکلێك (پێنج سەنت)
بوو کۆڕەکە بەخۆڕایی بوو هەروەها هەموو
کەسێ

وەك فریشتە وابوو شارەزا دەربارەی کرێکاران
نازانی چەندێ بە ویقربوون
لەساڵی ١٨٣٥ پارتی چەند چاکبوون سکۆت
نێرینگ پیرەمێردێکی زۆر بەحورمەتبوو
بلووری دایکم وایلێکردم بگریم یەکجار دەشتی
ئیسرائیل ئامتێرم بینیوە. دەبێ هەموو کەسێ
سیخوربووبێ
ئەمریکا بەراستی تۆ ناتەوێ بڕۆی بۆ شەڕ
ئەمریکا رووسەکان ئەوان خراپن
رووسەکان ئەوان رووسەکان ئەوانو چینییەکان
وەهەروەها ئەوان رووسەکان رووسەکانن
ئەیانەوێ ئێمە بەزیندوویی بخۆن
دەسەڵاتدارانی رووسیا شێتن.
دەیانەوێ ئۆتۆمبیلەکانمان لەگەراجەکانمان
ببەن
ئەیانەوێ شیکاگۆ ببەن. ئەوان پێویستیان
بەرێد ریدەر دایجێستە★★★
دەیانەوێ کارگەی ماشێنەکانمان بەرن بۆ
سایبیریا
ئەو بیروکراتییەتە گەورەیە دەیەوێ
بەنزینخانەکانمان بەڕێوەبەرێت
ئەمە شتێکی باش نییە. ئاە. ئەوەی وا
لەهیندیەکان بکا فێری خوێندن بین
ئەو پێویستی بە قوولەرەشە کەتەکانە
هاها، وا ئەکات لەهەموومان هەفتەی شانزە
سەعات ئیش بکەین
یارمەتی
ئەمریکا بەراستی ئەمە زۆر جدیە ئەمریکا
ئەو ئینتیباعەیە کە لەتەماشاکردنی
تەلەفزیۆنەوە لام دروست ئەبێت ئەمریکا ئایا
ئەمە ڕاستە؟
واباشترە هەرزوو بڕۆم بۆ سەرکارەکەم
ئاشکرایە کە نامەوێ بڕۆم بۆ خزمەتی
سەربازی یان وەك ئامێرێك ببمە کرێکارێکی
کۆمپانیا بەهەرحاڵ من باش نابینمو لەڕووی
دەروونیەوە تەواو نیم ئەمرکیا من شانە
شازەکانم ئەدەمە بەرپێچکە.